هەڕەم وادەی ناردنی داهاتی نانەوتی بۆ بەغدا راگەیاند

وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، سبەی دوشەممە داهاتی نانەوتی هەرێم بۆ مانگی تشرینی یەکەم دەخرێتە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی عێراق.

وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ لە راگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، "سبەی دوشەممە بڕی 120 ملیار دینار وەک داهاتی نانەوتی هەرێم بۆ مانگی تشرینی یەکەم بەشوێی کاش دەخرێتە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ لە لقی هەولێری بانکی ناوەندی عێراق".

هاوکات وەزارەتی دارایی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوەکردوە، بەشی ژمێریاریی دەستیکردوە بە خەرجکردنی بودجەی موچەی مانگی 12ی 2025، دابەشکردنی موچە لە ڕێگەی بانکەوە هاوشێوەی مانگەکانی پێشو دەبێت.